## پەروەردەی تایبەت چییە؟

**پەروەردەی تایبەت خزمەتگوزارییە،نەک شوێنێک.**

کاتێک منداڵێک پەروەردەی تایبەت وەردەگرێت، مانای وایە قوتابخانەیەکی گشتی خزمەتگوزاری و ڕێنمایی تایبەت بە پێداویستییەکانی ئەوخوێندکارە دەستەبەر دەکات. خوێندنی تایبەت بەهۆی یاسایەکی فیدراڵییەوە بەردەستە کە پێی دەوترێت یاسای پەروەردەی تاکەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت(IDEA)، کە مافی یاسایی تایبەت بەخوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت و دایک و باوکیان دەدات بۆ وەرگرتنی ئەم دەرفەتە فێرکارییە تاکە کەسییانە.

### چۆن خزمەتگوزاری پەروەردەی تایبەت دەتوانێت یارمەتی منداڵەکەت بدات؟

- ئەگەر منداڵەکەت شیاوی خزمەتگوزاری پەروەردەی تایبەتە، منداڵەکەت ئەو خزمەتگوزاری و پشتگیریانەی دەست دەکەوێت کە بە تایبەت بۆدابینکردنی پێداویستییە بێهاوتاکانی منداڵەکەت دانراون.
- خزمەتگوزارییەکانی پەروەردەی تایبەت پرۆگرامسازی تاکەکەسی بەبێ هیچ تێچویەک بۆتۆ دەستەبەر دەکات و لەوانەیە مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت و دابینکارانی خزمەتگوزاری وەک چارەسەرکەرانی پیشەیی، چارەسەرکەرانی جەستەیی،پزیشکانی نەخۆشییەکانی زمان-قسەکردن،دابینکارانی ڕێنماییەکانی نارێکی خوێندنەوە لەخۆ بگرێت.



## پرۆسەی پەروەردەی تایبەت:

دایک و باوکان مافی ئەوەیان هەیە کە داوای هەڵسەنگاندنی پەروەردەی تایبەت بکەن لەهەر کاتێکدا. قوتابخانەکان پێویستە هەڵسەنگاندن بۆ خوێندکاربکەن کاتێک گومانی ئەوەی لێدەکەن کە خاوەن پێداویستی تایبەتبێت و ڕەنگە پێویستی بە خزمەتگوزارییەکانی پەروەردەی تایبەت هەبێت. گرنگە کە لە هەنگاوەکانی **پرۆسەی پەروەردەی تایبەت تێبگەین**.

**هەنگاوەکان بۆ دەسپێکردنی پەروەردەی تایبەت:**

1. گواستنەوە
2. ڕۆژمەندی هەڵسەنگاندن
3. هەڵسەنگاندن
4. دیاریکردنی شایستەیی
5. پەرپێدانی IEP

**وەرگرتنی خزمەتگوزارییەکانی پەروەردی تایبەت:**

← **IEP** جێبەجێ بکە

**زانیاری زیاتر سەبارەت بە مافەکانت وەک دایک و باوکێک لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە:**

**ڕێنمایی دایک و باوک بۆ پرۆسەی ARD**
bit.ly/ParentsARD

**ئاگاداری پارێزبەندییە ڕێککارەکان**
bit.ly/ParentsNPS

SPEDTEX Special Education Information Center
**یارمەتی پەروەردەی تایبەت بۆ دایک و باوکان**
spedtex.org
**1-855-773-3839**

لەکاتێکدا کە یاسای فیدراڵی دیکە هەن کە هەندێک پارێزگاری بۆ خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت پێشکەش دەکەن-وەکو ٥٠٤ی یاسای چاکسازی ساڵی١٩٧٣-IDEA مافی تایبەتی هەیە کە تەنها بەپێی یاساکە بەردەستە. ئەم بەڵگەنامەیە ئەو مافانە کورت دەکاتەوە.

# تێڕوانینێکی گشتی بۆ پەروەردەی تایبەت بۆ دایک و باوکان

## ١ ڕەوانەکردن بۆ هەڵسەنگاندی پەروەردەی تایبەت کراوە

**ڕەوانەکردنەکە:**

- بەپێی یاسا پێویستە کاتێک قوتابخانەیەکی حکومی هەست دەکات کە منداڵەکەت ئەگەری هەیە خاوەن پێداویستی تایبەت بێت کە پێویستی بە خزمەتگوزارییەکانی پەروەردەی تایبەت دەبێت بۆ ئەوەی سەرکەوتوبێت
- پرسیارت لێدەکرێت کە ئایا تۆ *ڕەزامەندیت* کە قوتابخانەکە هەڵسەنگاندن بۆ منداڵەکات بکات. داواکارییەکە پێویستە بە نوسراو پێشکەش بە ئەندامێکی گونجاوی ستافەکە بکرێت،قوتابخانە بە زانیاری وەڵام دەداتەوە کە ئایا بەردەوام دەبێت لە هەڵسەنگاندن.



قوتابخانەکە دەبێیت لەماوەی ١٥ ڕۆژی خوێندندا بە نوسراو وەڵام بداتەوە.

## ٢ پرسیارت لێدەکرێت کە ئایا تۆ ڕەزامەندیت کە قوتابخانەکە هەڵسەنگاندن بۆ منداڵەکات بکات.

**ڕەزامەندی بۆ هەڵسەنگاندن :**

- مۆڵەتێک کە تۆ هەڵیدەبژێریت کە بیدەیتە کارمەندانی ڕاهێنراوی تایبەت بۆ هەڵسەنگاندنی منداڵەکەت لە بوارە تایبەتەکاندا.
- لەلایەن قوتابخانەکەوە بەکاردەهێنرێت بۆ دەستپێکردنی تایملاینەکە تا ئەو کاتە دەبێت قوتابخانەکە هەڵسەنگاندنی منداڵەکەت تەواوبکەن.



جگە لە هەندێک بارودۆخی جیا، دەبێت هەڵسەنگاندنەکە لەماوەی ٤٥ ڕۆژی قوتابخانەدا تەواوبکرێت

## ٣ هەڵسەنگاندنەکە لەلایەن گروپێکی ڕاهێنانپێکراوی پرۆفێشناڵەوە ئەنجام دەدرێت.

**هەڵسەنگاندنەکە:**

- پێی دەوترێت *هەڵسەنگاندی تاکەکەسی و سەرتایی تەواو* (FIIE) ,کە ڕاپۆرتێکی نوسراوی پێشنیارەکانی پەروەردەو زانیاری سەبارەت بە تواناکان و حەزو خولیای منداڵەکەت لەخۆ دەگرێت,. ئەو پیشەییانەی کە ڕاهێنان بە خاوەن پێداویستی گومانلێکراو دەکەن دەبێت بەشدارییکەن، بۆ نمونە، کەسێک وەک چارەسەرکاری مۆڵەتپێدراوی نارێکی خوێندنەوە ئەگەر گومان لە نارێکی خوێندنەوە هەبێت.
- بەبێ هیچ تێچویەک بۆت دەکرێت. ئەگەر تۆ ڕازی نیت بە هەڵسەنگاندنی قوتابخانەکە،ئەتوانی داوای *هەڵسەنگاندی پەروەردەیی سەربەخۆ بکەیت* .(IEE)ئەمەش لەلایەن کەسێکەوە دەکرێت کە لەلایەن قوتابخانەکەوە دانەمزرابێت.



## ٤ لیژنەیوەرگرتن، پێداچونەوەو دەرکردن کۆدەبێتەوە بۆ ئەوەی دیاری بکات کە ئایا منداڵەکەت شایستەی خزمەتگوزارییەکانی پەروەردەی تایبەتە یاخود نا.



**لیژنەی ARD:**

- تیمێک،کە تۆو، مامۆستایان، کارگێرانی قوتابخانەکان، ئەوانەی شارازایی تایبەتیان هەیە سەبارەت بە منداڵەکەت، و کەسانی پیشەیی کە ڕ راهێنانی تایبەتیان هەیە سەبارەت بەو کەسانەی گومان دەکرێت کە خاوەن پێداویستی تایبەت بن .
- لەم کۆبوونەوەیەدا، گفتوگۆکردن لەسەر ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی منداڵەکەت، دیاریکردنی تواناکانی منداڵەکەت و بوارەکانی پێویستی، و پاشان دیاریکردنی ئەوەی کە ئایا منداڵەکەت خاوەن پێیداویستی تایبەتە یان نا و پێویستی بە خزمەتگوزارییەکانی پەروەردەی تایبەت هەیە.

کاتێک هەڵسەنگاندنەکە تەواو دەبێت، بە شێوەیەکی ئاسایی لیژنەی ARD تا ٣٠ ڕۆژی ڕۆژژمێریی هەیە بۆ دیاریکردنی شایستەیی و ئامادەکردنی بەرنامەی فێرکاریی تاکەکەسی (IEP). قوتابخانەکە ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنەکە لە زووترین کاتی گونجاودا پێشکەش دەکات، بەڵام پێویستە لە پێنج ڕۆژی خوێندن کەمتر نەبێت پێش بەستنی کۆبوونەوەی لیژنەیARD .

## ٥ ئەگەر منداڵەکەت شایستەی خزمەتگوزارییەکانی پەروەردەی تایبەت بێت، ئەوا لیژنەی ARD بەرنامەیەکی پەروەردەیی تاکەکەسی (IEP) پەرەپێدەدات .



**:IEP**

- کۆمەڵێک زانیارییە کە ئەوە دیاری دەکات کە منداڵەکەت خاوەن پێداویستی تایبەتە، تواناکانی ئێستای منداڵەکەت و ئەو بوارانەی پێویستیەتی پشاندەدات، ئامانجەکان دیاری دەکات کە دەبێت کاریان لەسەر بکرێت،هەروەها پەروەردەی تایبەت وخزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان پشان دەدات کە پێویستە بۆ منداڵەکەت بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت.
- بەڵگەنامەیەک کە قوتابخانەیەک پێویستە پەیڕەوی بکات هەرکات پرۆسەی پەرەپێدانی تەواوبوو، و تۆ ڕەزامەند دەبیت بۆ وەرگرتنی خزمەتگوزارییەکانی منداڵەکەت. خزمەتگوزارییەکان بەزوترین کات دەستپێدەکەن.

**تۆ مافی ئەوەت هەیە کە بەشداری بکەیت لە پەرەپێدانی IEPو ڕەزامەندی بدەیت یاخود نا کە منداڵەکەت خزمەتگوزارییەکانی پەروەردەی تایبەت وەردەگرێت.**

## بەرەو پێش چوون: وەرگرتنی خزمەتگوزارییەکانی پەروەردەی تایبەت



هەرکە IEP پەرەی پێدرا، جێبەجێکردنی IEP لە ئەستۆی قوتابخانەکەدایە. قوتابخانەکان دەبێت خزمەتگوزارییەکان،و پشتگیرییەکانی کە لە IEP دا باسکراوە پێشکەشبکەن،وە ستافی قوتابخانەکە چاودێری بەرەوپێشچوونی منداڵەکەت دەکەن بەرەو ئامانجەکانی ناو IEP.

- بە لایەنی کەمەوە جارێک لەهەر ماوەی نمرەی وەرگرتن ڕاپۆرتی بەرەوپێشچونی منداڵەکەت لە ئامانجەکانی IEPوەردەگریت.
- لیژنەی ARDبەلایەنی کەمەوە ساڵی جارێک کۆدەبێتەوەو پێداچونەوە بە IEP منداڵەکەتدا دەکات.
- وەک ئەندامێک لە لیژنەی ARD، تۆ باس لە پێویستی بوونی هەڵسەنگاندنێکی نوێکراوە دەکەیت بەلایەنی کەمەوە سێ ساڵ جارێک.
- دەتوانی لەهەرکاتێکدا داوای چاوپێکەوتنی لیژنەی ARD بکەیت.
- دەتوانی ڕەزامەندیت بۆ خزمەتگوزارییەکانی پەروەردەی تایبەت هەڵبوەشێنیتەوە. بەواتایەکی تر ،دەتوانیت بە نوسراو بە قوتابخانەکە بڵێیت کە خزمەتگوزارییەکانی پەروەردەی تایبەتی منداڵەکت بوەستێنن.
- یاسای تایبەت بۆ بنەمای قوتابخانە دانراوە. ئەگەر دەرکەوت کە هۆکاری ئەو ڕەفتارە خراپەی منداڵەکە ئەوەیە کە خاوەن پێداویستی تایبەتە ،ئەوا لیژنەی ARDلەوانەیە،لەهەندێک بارودۆخدا ،دەرئەنجامی بنەماکە بگۆڕێت.

## ئەگەر نارەزایی رووبدات:

لەکاتی هەر چاوپێکاوتنێکی لیژنەی ARD، تۆ بەژداربوویەکی چالاک دەبیت،لەگەڵ ستافی قوتابخانەکەدا باس لە پێداویستیە تایبەتەکانی منداڵەکەت دەکەیت لەکاتێکدا تۆ کاردەکەیت بۆگەیشتن بە کۆدەنگی لەسەر باشترین ڕیاگا بۆ بەرەو پێشچونی منداڵەکەت بەڵام جار جار،ڕەنگە لەگەڵ بڕیارەکانی قوتابخانە ناکۆکبیت. نارازی بیت بە بڕیارەکانی پەروەردەی تایبەت کە لەلایەن قوتابخانەکەوە دراوە، هەم لە *هەنگاوەکانی دەستپێکی پەروەردەی تایبەت* وە لەکاتی*وەرگرتنی خزمەتگوزارییەکانی پەروەردەی تایبەت*. بژاردەکانی چارەسەکردنی ناکۆکییەکان بریتین لە تۆمارکردنی سکاڵا،داوای نێوەندگیری،وە داوای دانیشتنی پرۆسەی یاسایی. هەروەها ئاسانکارانی دەوڵەت بەردەستن بۆ یارمەتیدانی لیژنەکانی ARD بۆ گەیشتن بە کۆدەنگی لەسەر IEP.

## چی لە IEPدا هەیە؟:

IEP دەبێت هەندێک ئیلیمێنت بۆ منداڵەکەت بخاتە ڕوو،لەوانە:



**PLAAFP**

» *ئاستەکانی دەسکەوتی ئەکادیمی و ئەدای کارایی پێشکەش دەکات* :(**PLAAFP**) لیژنەی ARD کارامەییەکان، تواناکان، و ئاستەنگییەکانی منداڵەکەت دەنوسێت بە پشتبەستن بە ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندن و داتاکنیتر.

**ئامانجەکان**

» ئامانجەکانی **ساڵانەی پێوانەکراو**: ئامانجەکان پەرەپێدەدرێن بۆ ئەوەی جەخت لەسەر پێویستییە تایبەتەکانی منداڵەکەت بکەنەوە باس لەوە بکەن کە چ کاتێک چاوەڕوان دەکرێت منداڵەکەت بەرەوپێش بچێت.

- ئەگەر منداڵەکەت توشی نارێکی خوێندنەوە بوو،بۆ نمونە، ئامانجەکە لەوانەیە لەسەر باشترکردنی بوارێکی دیاریکراوی گەشەکردنی خوێندنەوە یان فلوێنسیا بێت لە کاتێکی دیاریکراودا.

**ڕێنمای&خزمەتگوزار ییەکان**

» پێناسەیەکی **ڕێنماییە تایبەتمەندەکان، خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان، و فریاگوزاری و خزمەتگوزارییەکان** کە دەستەبەر دەکرێن. ڕێنمایی و خزمەتگوزارییەکان بەپێی پێداویستییە تایبەتەکانی منداڵەکەت دەگۆڕێن. بۆ نموونە،ئەگەر منداڵەکەت توشی نارێکی خوێندنەوە بوو:

- ڕێنماییە تایبەتەکان بە ئەگەرێکی زۆرەوە کاتێکی ڕێکوپێک بۆ ڕێنمای کردن لەلایەن دابینکارێکی ڕاهێنراوی بەرزەوە لەخۆدەگرێت بەبەکارهێنانی بەرنامەیەک کە خراوەتەڕوو بۆ ئەوەی یارمەتیدانی ئەو خوێندکارانەی کەتوشبوی نارێکی خوێندنەوە بوون بەپێی دەستنوسی نەخۆشی نارێکی لەخوێندنەوە;
- خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان لەوانەیە پشتگیری باشترکردنی تواناکانی جوڵەی وردی منداڵەکەت لە چەرەسەرکاری پیشەییەوە لەخۆبگرن ئەگەر ئەو کێشەی لەگەڵ دەستنوسدا هەبێت: و
- یارمەتیدەرو خزمەتگوزارییە تەواوکەرەکان بریتین لە بەڵگەنامەکردنی پێویستیەکانی منداڵەکەت بۆ بژاردەکانی قسەکردن بۆ نوسینی ئەرکەکان.

**هەڵسەنگاندنەکان**

» زانیاری لەسەر چۆنێتی بەشداریکردنی منداڵەکەت لەسەرتاسەری ویلایەت و قەزاکە **هەڵسەنگاندنەکان**, لەوانەش ئایا شوێنی نیشتەجێبوون وەک کاتێکی زیادە پێویستە یانا .

**گواستنەوە**

» **گواستنەوە** خزمەتگوزارییەکان: کاتێک منداڵەکەت تەمەنی دەبێتە ١٤ساڵ، IEP دەبێت دەستبکات بۆ بەڵگەنامەکردنی پلانەکان بۆ منداڵەکەت دوای خوێندنی ئامادەیی وە چۆن خزمەتگوزارییەکانی پەروەردەی تایبەتی منداڵەکەت ڕێک دەخرێن بۆکارکردن لەسەرئەو پلانانە.

**جێگیرکردن**

» ئاماژە **بەشوێنی** پەروەردەیی منداڵەکەت دەدات. بڕیارەکانی جێگیربوون بە مەرجێک ڕێنمای دەکرێن بۆ دەستەبەرکردنی پەروەردە لەکەمترین ژینگەی سنورداردا(LRE). ئامانجەکانی LRE ئەوەیە کە منداڵەکەت لەهەمان پۆل و شوێنەکانی ئەو منداڵانەبن کە خاوەن پێداویستی تایبەت نین تا گونجاوبێت بە پشتبەستن بە پێداویستییە بێهاوتاکانی منداڵەکەت.

ئەم فۆرمە پوختەیەکی مافەکانە،داواکراوە کە بدرێتە دایک و باوکان دوای ئەوەی گواستنەوە دەکرێت . واژوەکەت تەنها وەک دانپێدانانێکە کە فۆرمەکەت وەرگرتووە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر مافەکانت، پێداچوونەوە بە ئاگاداری ڕێککاریەکانی پارێزبەندی و ڕێبەری دایک و باوک بۆ پرۆسەی ARD.

| ناوی خوێندکار: | ژمارەی ناسنامەی خوێندکار: |
|---|---|
| | |

______________________________
ناوی دایک و باوک یان سەرپەرشتیار

______________________________ ______________
واژۆ بەروار